خەلیلەکەم -صلى الله عليه وسلم- ئامۆژگاری سێ شتی پێکردم: ڕۆژووگرتنی سێ ڕۆژ لە هەموو مانگێک، ودوو ڕکات نوێژی چێشتەنگاو، ونوێژی وتر بکەم پێش خەوتن

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «خەلیلەکەم -صلى الله عليه وسلم- ئامۆژگاری سێ شتی پێکردم: ڕۆژووگرتنی سێ ڕۆژ لە هەموو مانگێک، ودوو ڕکات نوێژی چێشتەنگاو، ونوێژی وتر بکەم پێش خەوتن». [خەلیل: ئەوپەڕی بەرزی پلەی خۆشەویستیە]
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

ئەبو هوڕەیڕە -ڕەزای خوای لێبێت- خۆشەویست وهاوەڵی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵدەدات کە سەروەرمان -صلى الله عليه وسلم- ئامۆژگاری کردووە وپەیمانی لێوەرگرتووە بە ئەنجامدانی سێ شت: یەکەم: ڕۆژووگرتنی سێ ڕۆژ لە هەموو مانگێك. دووەم: ئەنجامدانی دوو ڕکاتی چێشتەنگاو لە هەموو ڕۆژێکدا. سێیەم: ئەنجامدانی نوێژی وتر لە پێش خەون؛ ئەمیش بۆ کەسێك کە بترسێت لەوەی هەڵنەستێت لە کۆتایی شەودا.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4538